# پشت بەستنی پارتە سیاسییەکان بە گوتاری سیاسی رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا

ئەم توێژینەوەیە هەڵێنجراوە لەتوێژینەوەیەک کە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٠-٢٠٢٥) وەکو بەشێک لە پێداویستی بەدەستهێنانی تێزی دکتۆرا لەپسپۆری راگەیاندن پێشکەش دەکرێت بە بەشی راگەیاندن – کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان – زانکۆی سلێمانی.


پ.د. محمد دلێر ئەمین محمد

hamadler.muhammed@univsul.edu.iq

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلیمانی

م.ی. عەلی فەرەج عەلی

alikashan91@gmail.com

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان/زانکۆی سلیمانی



بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٦/٣

بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٦/١٥


## پێشەکی

گوتاری سیاسی نێو رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان یەکێکە لە دیاردە سەرەکییەکانی سەردەمی دیجیتاڵ کە کاریگەرییەکی بەرچاو لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی و بە تایبەتی دەنگدەران لە هەرێمی کوردستان دروست کردووە. لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆجیا و فراوانبوونی بەکارهێنانی ئینتەرنێت، رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بوونە سەکۆیەکی گرنگ بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری، گوتار، و پەیامە سیاسییەکان. ئەم سەکۆیانە، کە بە خێرایی و بەربڵاوی گەیشتن بە جەماوەری زۆر تایبەتمەندن، توانیویەتی رەفتار و بڕیاری دەنگدەران ئاراستە بکات، بەڵام ئەوەی کە ئەم کاریگەرییە چەندە قووڵە و چۆن کاردەکات، هێشتا جێگەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەیە. هەرێمی کوردستان، وەک کۆمەڵگەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی داینامیک کە چەندین پارتی سیاسی و بزووتنەوەی جیاوازی تێدایە، شوێنێکی گونجاوە بۆ لێکۆڵینەوە لەم دیاردەیە، چونکە رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە پێکهێنانی ڕای گشتی و کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنەکان.

ئەم توێژینەوەیە لەسێ تەوەری سەرەکی پیکهاتوە، لەمیتۆدنامەدا رێوشوێنە میتۆدییەکان و توێژینەوەکانی پێشوو خراونەتەروو، لەتیۆرینامەدا ئاماژە دراوە بە گوتاری سیاسی رۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان لەرووی پێناسە و تایبەتمەندی و بەکارهێنانەوە، لەپراکتیکنامەدا ئەنجامی چاوپێکەوتنی زانستی خراوەتەروو کەخۆی لەحەوت تەوەردا دەبینێتەوە، پاشان تیشک خراوەتەسەر دەرەنجامەکان و راسپاردەکان و پێشنیارەکان و لیستی سەرچاوەکان.

## تەوەری یەکەم/ میتۆدنامەی توێژینەوەکە

**یەکەم/کێشەی توێژینەوە:** خۆی لەو ناڕۆشنی و ناڕوونیەدا دەبینێتەوە کە هەیە لە **(پشت بەستنی پارتە سیاسییەکان بە گوتاری سیاسی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا)**، بۆ ئەو مەبەستە ئەم پرسیارە سەرەکییە دەوروژێنێت (تا چەند پارتە سیاسییەکان پشت بە گوتاری سیاسی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان دەبەستن لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا)، لەم پرسیارەوە سەرەکیەشەوە چەند پرسیارێکی لاوەکی دەخرێتەڕوو، لەوانە:

١. ئایا سەرکردە سیاسییەکان و لیستەکانی بەشداری هەڵبژاردنەکان تا چ ڕادەیەک پشت بە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان دەبەستن بۆ بڵاوکردنەوەی گوتارەکانیان؟

٢. زیاتر چ ناوەڕۆکێکی میدیایی گرنگی پێدراوە لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بۆ ڕازیکردن و قایلکردنی دەنگدەران؟

**دووەم/ئامانجەکانی توێژینەوە:**

١. زانینی ڕادەی پشت بەستن بە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان بۆ بڵآوکردنەوەی گوتارەکانیان لەلایەن سەرکردە سیاسییەکان و لیستەکانی بەشداری هەڵبژاردنەکان.

٢. خستنەڕووی دیارترین ئەو ناوەڕۆکە میدیاییانەی کە گرنگی پێدراوە لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بۆ ڕازیکردن و قایلکردنی دەنگدەران.

**سێیەم/گرنگی توێژینەوە:**

– گرنگی زانستی: یەکێکە لە توێژینەوە نوێکان کە لەبواری پشت بەستنی پارتە سیاسییەکان بە گوتاری سیاسی ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا بەزمانی دایک ئامادە دەکرێت و کتێبخانە و ناوەندە یەکادیمییەکان دەوڵەمەند دەکات.
– **گرنگی پراکتیکی:** ئەم توێژینەوەیە بۆ پارتە سیاسییەکانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکان و سەرۆک لیست و کاندیدانی بەشدار لە هەڵبژاردنەکان دەتوانن سود لە دەرەنجامەکانی وەربگرن کە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان ڕێگەیەکی گونجاو و کاریگەرە بۆ بڵاوکردنەوەی پەیام و گوتارەکانیان، هەروەها پارت و کەسایەتییە سیاسییەکان باشتر و ڕوونتر دەتوانن شێوازی ئاراستەکردنی گوتارەکەیان بزانن بۆ دەنگدەری ئامانجدار.

**چوارەم/جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەجۆری توێژینەوە وەصفییەکانە و تیایدا میتۆدی ڕووپێوی بەکارهاتوە بۆ وەسفکردن و شیکردنەوەی بابەتی توێژینەوەکە.

**پێنجەم/کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:** بەرپرسی بەشی هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکان لەهەرێمی کوردستاندا کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکدێنن، لەم کۆمەڵگەیەش سامپڵێکی ناهەڕەمەکی مەبەستدار وەرگیراوە بۆ (٦) بەرپرسی بەشی هەڵبژاردنەکانی

sjh@univsul.edu.iq

پارتەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان – یەکێتی نیشتیمانی کوردستان – یەگرتووی ئیسلامی کوردستان – کۆمەڵی دادگەری – رەوتی هەڵوێست – بەرەی گەل)، چونکە ئەو پارتە سیاسییە دیارانەن کەخاوەن کورسی پەرلەمانن لە پەرلەمانی کوردستان بەپێی یەنجامی هەڵبژاردنەکان.

**شەشەم/ئامرازی توێژینەوەکە:** بەمەبەستی زانینی ئاستی پشتبەستنی لایەنە سیاسییەکان بە رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان بۆ بڵاوکردنەوەی گوتارە سیاسییەکانیان لە کاتی بەڕێوەچونی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان چاوپێکەوتنی زانستی (بەشێوەی چاوپێکەوتنی راستەوخۆ) لەگەڵ بەرپرسی بەشی هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکان لەهەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراوە، ئەم ئامرازە دوو ئامانج و دوو تەوەر و حەوت پرسیاری سەرەکی لەخۆدەگرێت.

**حەوتەم/سنوری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستان-عێراق لەماوەی نێوان (٢٠-٤-٢٠٢٥ بۆ ٣١-٥-٢٠٢٥) لەگەڵ بەرپرسی بەشی هەڵبژاردنی پارتە سیاسییەکان لەهەرێمی کوردستاندا ئەنجامدراوە کەپەیوەستە بەگوتاری سیاسی رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و کاریگەری لەسەر دەنگدەران.

**هەشتەم/دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

1. **پارتە سیاسییەکان:** مەبەست لە پارتە سیاسییە بەشدار و خاوەن کورسی بەدەستهاتوەکانی پەرلەمانی کوردستانن کە بەشێوەیەکی فەرمی لەهەرێمی کوردستان ناسراون و کاری سیاسی خۆیان ئەنجام دەدەن.
2. **گوتاری سیاسی:** بریتییە لە کۆمەڵەیەک لە پەیام و دەقە سیاسییەکان کە بڵاودەکرێنەوە، بە ئامانجی رازیکردن، هاندان، یان ئاراستەکردنی دەنگدەران بۆ بڕیارێکی سیاسی دیاریکراو، کە ئەمەش بە شێوەیەکی پلاندار و لەگەڵ کەلتوور و خواست و پێویستییەکانی کۆمەڵگە هاودەنگە.
3. **رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان:** بریتیین لە ماڵپەڕ و سەکۆکانی دیجیتاڵی لە ئینتەرنێتدا کە هەواڵ، گوتار، و پەیامە سیاسییەکان بە شێوەیەکی خێرا، کارلێکەر، و بەربڵاو بڵاو دەکەنەوە، بە ئامانجی کاریگەری لەسەر هەڵوێستە و بڕیارەکانی دەنگدەران لە پرۆسەی هەڵبژاردندا.
4. **بانگەشەی هەڵبژاردن:** بریتییە لەو ماوە دیاریکراوەی کە لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانەوە دیاریدەکرێت بۆ کەسایەتی و پارت و قەوارە و هاوپەیمانی سیاسی بەشدار لە هەڵبژاردن بەمەبەستی خستنەرووی بەرنامەی هەڵبژاردن و ناساندنی کاندیداکانیان.
5. **هەرێمی کوردستان:** هەرێمێکی فیدراڵییە لە عێراق، ناوچەیەکە لە باکوری عێراق کە خاوەنی حکومەت و پەرلەمانێکی خۆجێیە، و سیستەمێکی دیموکراسی کە کۆمەڵگەیەکی سیاسی و کەلتووری داینامیکی هەیە، خاوەنی سیستەمێکی دیموکراسی خۆجێیە کە باوەڕی بە هەڵبژاردن هەیە.

sjh@univsul.edu.iq

**نۆیەم/توێژینەوەکانی پێشوو:**

١. توێژینەوەی (نجاه، صابر حسن جاد أحمد)، (2022)، (الخطاب السياسي وأثره على المشاركة المجتمعية)، ئەم لێکۆڵینەوەیە لەسەر گوتاری سیاسی و کاریگەرییەکەی لەسەر بەشداری کۆمەڵایەتیە، وەک سەرچاوەیەکی گرنگ لە تێگەیشتن لە چۆنیەتی هاندانی جەماوەر بۆ بەشداری سیاسی سەرنجراکێشە. مەبەستی سەرەکیی توێژەران ئەوەیە کە بە وردی لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی کاریگەری گوتاری سیاسی لەسەر هاندانی جەماوەر بۆ بەشداری لە چالاکییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بکەن، و فاکتەرەکانی سەرکەوتنی ئەم گوتارە دەستنیشان بکەن. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخەن کە گوتاری سیاسی، کاتێک بە شێوەیەکی کارا و لەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی هاودەنگ پێشکەش دەکرێت، دەتوانێت بەشداری کۆمەڵایەتی زیاد بکات، بەڵام سەرکەوتنی ئەم گوتارە پەیوەستە بە شێوازی پێشکەشکردن و چوارچێوەی کۆمەڵایەتی. لەڕووی میتۆدەوە، صابر و نجاه ڕێبازێکی تێکەڵ لە وەسفی شیکاری بەکارهێناوە کە لە لێکدانەوەی گوتارە سیاسییەکان (نزیکەی ١٥٠ وتار لە سەرچاوەیەکی کراوە وەک میدیای عەرەبی)، کۆکردنەوەی داتا لە جەماوەر لە ڕێگەی فۆرمی پرسیارکردن کە بەسەر ٢٠٠ کەس دابەش کراوە (بەشداربووان لە میسر)، و گفتوگۆی لەگەڵ ١٠ ڕۆژنامەنووس و شارەزای سیاسی پێکهاتووە. بەرنامەی SPSS بۆ لێکدانەوەی داتای فۆرمەکان بەکارهاتووە، کە یارمەتیدەر بووە بۆ دەستنیشانکردنی فاکتەرەکانی کاریگەری گوتار لەسەر بەشداری کۆمەڵایەتی. پەیوەندی بە توێژینەوەی ئێمەوە، لەڕووی خاڵە هاوبەشەکانەوە، هەردوو توێژینەوە چاوەڕوانی لە گوتاری سیاسی دەکەن وەک ئامرازێک بۆ کاریگەری لەسەر جەماوەر، و گرنگی بە ستراتیژەکانی پێشکەشکردنی پەیامەکان دەدەن.لەڕووی جیاوازییەکانەوە، صابر و نجاه زیاتر لەسەر بەشداری کۆمەڵایەتی کۆدەبنەوە و کەمتر سەرنجی لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان دەدەن، لەکاتێکدا توێژینەوەی ئێمە لەسەر هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە، کە تایبەتمەندییە کەلتووری و سیاسییەکانی خۆی هەیە، و زیاتر جەخت لەسەر ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان دەکاتەوە.

٢. توێژینەوەی (کاروان عەلی قادر)، (٢٠٢٠)، (کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر رەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا (خوێندکارانی زانکۆ بە نمونە)، توێژینەوەکە بۆ زانین و خستنەڕوی ئاستی کاریگەری پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیایە لەسەر رەفتارو بڕیاری خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان لە کاری دەنگداندا لە هەڵبژاردنە گشتییەکان، بۆ بەشداری لە دەنگدان یان بۆ دەنگدان بە کارمەندێک یان لیستێکی دیاریکراو، و زانینی ئاستی کارلێککردنی ئەو پەیامانەی لە پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا بڵاو دەکرێنەوە. توێژینەوەکە لە چوارچێوەی فۆرمی توءژینەوەی کۆمیونیکەیشنی سیاسییەو بۆ کۆکردنەوەی داتا پشتی بەستووە بە میتۆدی روپێویی لە رێگەی بەکارهێنانی فۆرمی راپرسی کە بە شێوەی ئەلیکترۆنی بۆ مشتەیەک لە بەشداربوان کە خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانن لە ١٠-١٦ی ئابی ٢٠٢١. گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: (پەیوەندییەکنی راستەوانەی ئەرێنی هەیە لە نێوان هەردوو گۆڕاوی توێژینەوەکە کە بریتین لە بەکارهێنانی پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن خوێندکارانی زانکۆکانی کوردستان و رەفتاری دەنگدانیان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا. سۆشیال میدیا کاریگەری هەیە لەسەر رەفتاری دەنگدانی خوێندکارانی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بەڵام بەرێژەیەکی کەم چ بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی دەنگدان یان بۆ دەنگدان بە کاندیدێک یان لایەنێکی دیاریکراو، سۆشیال میدیا کاریگەری هەیە لەسەر بەشێکیان، بەڵام بەشێکیشیان کە زۆرینەن بڕیاو رەفتاریان ناگۆڕن لەسەر بنەمای بەرکەوتنیان لەهەڵ

sjh@univsul.edu.iq

ئەو زانیاری و پەیامانەی لە سۆشیال میدیادا بڵاودەکرێنەوە. بەێکی کەم لە خوێندکارانی زانکۆ کاردانەوەو وەڵامیان بۆ ئەو پەیامانە هەیە کە تایبەتن بە هەڵبژاردنەکان و لە سۆشیال میدیادا بڵآودەکرێنەوە، چونکە متمانەیان بە گفت و بەڵێنی کاندید لایەنە بەشداربووەکانی هەڵبژاردنەکە نییە. بەشداریکردن لەهەڵبژاردنی داهاتوودا ئەوەندە بابەتێکی چارەنوسساز نییە لای خوێندکاران، چونکە پێیاموایە ئەو پەیامانەی کاندید و لایەنە بەشدارەکانی هەڵبژاردن لە سۆشیال میدیا بڵآوی دەکەنەوە لەروی ناوەڕۆک و تەکنیکەوە لاوازن).

٣. توێژینەوەی (Kassarnig, V.), (2016), (Political Speech Generation)، ئەم توێژیینەوەیە کاری لەسەر بەکارهێنانی تەکنەلۆجیا لە دروستکردنی گوتاری سیاسی سەرنجڕاکێشە. مەبەستی سەرەکیی توێژەر ئەوەیە کە بە وردی لێکۆڵێنەوە لە چۆنیەتی دروستکردنی پەیامە سیاسییەکان بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی بە بەکارهێنانی ئەلگۆریتمەکان بکات، و شیکاری بکات کە ئەم گوتارانە چۆن دەتوانن کاریگەری لەسەر تێگەیشتن و هەڵسوکەوتی جەماوەر دروست بکەن. ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەوە دەردەخەن کە گوتارە سیاسییەکان، کاتێک بە شێوەیەکی پلاندار و بە پشتبەستن بە زانیارییە کەلتووری و کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکرێن، دەتوانن بە شێوەیەکی کارا جەماوەر قایل بکەن، بەڵام سەرکەوتنی ئەم گوتارانە پەیوەستە بە رەچاوکردنی چوارچێوەی کەلتووری و پێداویستییەکانی وەرگر. لەڕووی میتودەوە، Kassarnigرێبازێکی ژمارەیی (کەمی) بەکارهێناوە کە لە بەکارهێنانی ئەلگۆریتمەکانی ژمێریاری (بە شێوەیەکی سەرەکی ئەلگۆریتمەکانی فێربوونی ئامێر)، پشکنینی دەقی گوتارە سیاسییەکان (نزیکەی ١٠٠٠ وتار لە سەرچاوەیەکی کراوە وەک مێژووی سیاسی ئەمریکا)، و تاقیکردنەوەی کاریگەرییەکانیان لەسەر گروپە بچووکەکانی بەشداربووان (نزیکەی ٥٠ کەس بۆ هەر تاقیکردنەوە) پێکهاتووە. بەرنامەی Pythonبۆ لێکدانەوەی داتاکان بەکارهاتووە، کە یارمەتیدەر بووە بۆ دەستنیشانکردنی ئامرازە تەکنیکییەکان کە گوتاری سیاسی سەرکەوتوو دەکەن. پەیوەندی بە توێژینەوەی ئێمەوە، لەڕووی خاڵە هاوبەشەکانەوە، هەردوو توێژینەوە چاوەڕوانی لە ستراتیژەکانی دروستکردنی گوتاری سیاسی دەکەن و سەرنجیان لەسەر ئەوەیە کە چۆن ئەم گوتارانە دەتوانن بەرەنگاری هەڵسوکەوتی جەماوەر ببن. لەڕووی جیاوازییەکانەوە، Kassarnigزیاتر لەسەر دروستکردنی گوتار بە ئەلگۆریتم کۆدەبێتەوە و کەمتر سەرنجی لەسەر بڵاوکردنەوەی گوتار لە رێگەی سەکۆکانی وەک رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکانە، لەکاتێکدا توێژینەوەی ئێمە لەسەر هەرێمی کوردستان کۆدەبێتەوە، کە تایبەتمەندییە کەلتووری و سیاسییەکانی خۆی هەیە، و زیاتر جەخت لەسەر رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان دەکاتەوە.

## تەوەری دووەم/ تیۆرینامەی توێژینەوەکە

### یەکەم/ پێناسەی گوتاری سیاسی.

گوتاری سیاسی وەک کۆمەڵەیەک پەیام و دەق پێناسە دەکرێت کە ئامانجی رازیکردن، قایلکردن، و دروستکردنی هەژموونی سیاسییە، کە زۆرجار لەلایەن کاندیدەکان یان پارتە سیاسییەکانەوە بەکاردێت ئەم گوتارە لە رێگەی زمان، وێنە، و نیشانەکانەوە تێگەیشتنی جەماوەر لە پرسە سیاسییەکان شێوە دەدات، کە دەرفەتی ئاراستەکردنی هەڵسوکەوتی دەنگدەران

sjh@univsul.edu.iq

دروست دەکات بۆ نموونە، وتارێکی سیاسی کە لەسەر پێویستییەکانی کۆمەڵگە کۆدەبێتەوە، دەتوانێت دەنگدەران قایل بکات بۆ پشتگیریکردن لە کاندیدێک. ئەم پێناسەیە گرنگی گوتاری سیاسی وەک ئامرازی کاریگەری پیشان دەدات (Van Dijk, 1997, p.11).

گوتاری سیاسی بریتییە لە گوتاری نوخبەی دەسەڵاتدار یان رۆشنبیر کە بەشدارە لە هەمان سەرچاوەی دەسەڵات و هێز کە تیایدا دەسەڵات بەدەست دەهێنێت نەک لە رێگای تایبەتمەندییە زمانەوانییەکانیەوە بە تەنها بەڵکو لە رێگەی مەرجە کۆمەڵایەتییەکانییەوە بۆ بەرهەمهێنان و سەرلەنوێ بەرهەم هێنانی ئەو گوتارە کە دەکرێت گۆرانکاری بەسەردا بهێندرێت، بەرهەم بهێندرێتەوەو راڤە کاری بۆ بکرێت. هەروەها لە لایەکیترەوە توێژەران وا پێناسەی دەکەن بریتییە لە قسەی زارەکی کە لەلایەن سیاسەتمەدارانەوە لە بەردەم جەماوەردا گوتار دەدەن کە ناوەرۆکەکەی تەرخان کراوە بۆ قسە کردن لەسەر کاروباری دەسەڵات و پرسەکانی دەسەڵات، ئەمەش وا دەکات وەک ئامرازێک لە ئامرازەکانی پەیوەندی کردن لە نێوان نوخبەی سیاسی و گەل، لە نێوان کاندیدە سیاسییەکان لە نێوان خۆیاندا، کە ئەمەش وایکرد گوتاری سیاسی وەک ئامرازێکی کاریگەر لەسەر جەماوەر کۆکردنەوەیان لە کاتی ئاشتی ململانێکاندا بەدرێژای مێژوو (أحمد و نجاە، ٢٠٢٢، ص٢٥٥).

دەکرێت گوتاری سیاسی وەک کردەیەکی پەیوەندیدار پێناسە بکرێت کە بەشداربوانی هەوڵ دەدەن مانای تایبەت بدەن بە راستییەکان و کاریگەرییان لەسەر رازیکردنی ئەوانیتر هەبێت، بەزاراوەیەکیتر دەتوانرێت بڵێین گوتاری سیاسی وەک ستراتیژێکی زمانەوانی دەستکاریکراو پێناسە بکرێت کە خزمەت بە ئامانجە کۆنکرێتییەکان (ئایدۆلۆجییەکان) دەکات، گوتاری سیاسی کەوانەیە بریتیبێت لە مشتومر و دیبەیتە رەسمییەکان، گوتارەکان هەم گوێ گردتن و هەن قسەی نافەرمی لەسەر سیاسەت لەنێوان ئەندامانی خێزاندە لە خۆ بگرێت .(Amaghlobeli, 2017, p.19)

**دووەم/تایبەتمەندی گوتاری سیاسی.**

یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی گوتاری سیاسی توانای رازیکردنە، کە لە رێگەی بەکارهێنانی ستراتیژە زمانییەکان، وەک استدلال و سۆزداری، جێبەجێ دەبێت. گوتارە سیاسییەکان زۆرجار بە شێوەیەکی پلاندار ئامادە دەکرێن بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هەستەکانی دەنگدەران. بۆ نموونە، وتارێک کە جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، دەتوانێت دەنگدەران هان بدات بۆ بەشداری لە هەڵبژاردن. ئەم تایبەتمەندییە گوتاری سیاسی کردووەتە ئامرازێکی گرنگ بۆ کەمپینەکان.(Chilton, 2004, p. 3)

گوتاری سیاسی بە شێوەیەکی گشتی بەرنامەیەکی سیاسی پیشان دەدات، کە ئامانجی دروستکردنی هەژموونی سیاسییە. ئەم گوتارە لە رێگەی بەکارهێنانی زمان و نیشانەکانەوە جیهانبینییەکی دیاریکراو بە دەنگدەران پێشکەش دەکات، کە تێگەیشتنیان لە پرسەکان شێوە دەدات. بۆ نموونە، گوتارێک کە جەخت لەسەر یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، دەتوانێت دەنگدەران

sjh@univsul.edu.iq

بەرەو پشتگیریکردن لە پارتێک ئاراستە بکات. ئەم تایبەتمەندییە گرنگی گوتاری سیاسی لە پێکهێنانی رای گشتی پیشان دەدات .(Wodak, 2009, p.31)

گوتاری سیاسی لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا تایبەتمەندییەکی دیکەی گرنگی هەیە کە بریتییە لە توانای دروستکردنی پەیوەندییەکی کولتووری لەگەڵ دەنگدەران لە رێگەی بەکارهێنانی نیشانە و وێنە کولتوورییەکان. بۆ نموونە، کاندیدێک دەتوانێت گوتارێک لەسەر ماڵپەڕێک بڵاو بکاتەوە کە سەرنج لەسەر پێویستییە کولتوورییەکان یان کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەکاتەوە، کە لەگەڵ هەست و ناسنامەی کۆمەڵگەیەکی دیاریکراو یەکدەگرنەوە، کە ئەمەش هەستێکی پەیوەندی زیاتر لە دەنگدەران دروست دەکات. ئەم تایبەتمەندییە یارمەتیدەر بووە بۆ بەرزکردنەوەی بەشداری سیاسی لە نێو گروپە جیاوازەکاندا، بە تایبەتی لە کۆمەڵگەکانی کە پێشتر کەمتر چالاک بوون(Papacharissi, 2015, p.62) .

ئەو توانایەی کە گوتاری سیاسی لە میدیای ئەلیکترۆنیدا دەتوانێت بە شێوەیەکی پلاندار ئەجێندای سیاسی دیاری بکات، تایبەتمەندییەکی دیکەی سەرەکییە. بۆ نموونە، ماڵپەڕەکان دەتوانن گوتارەکان بە شێوەیەک رێکبخەن کە پرسێکی وەک چاکسازیی پەروەردە یان پاراستنی ژینگە وەک سەرەکی پیشان بدەن، کە ئەمەش سەرنجی دەنگدەران بۆ ئەو پرسانە رادەکێشێت و تێگەیشتنیان لە گرنگییەکەی بەرز دەکاتەوە. ئەم ستراتیژییە دەرفەتی دروستکردنی کەشێکی سیاسی دروست دەکات کە کاندیدەکان دەتوانن لەسەری کەمپینەکانیان بنیات بنێن، کە ئەمەش کاریگەرییەکی درێژخایەن لەسەر بڕیارەکانی دەنگدەران هەیە(Hindman, 2018, p.104) .

تایبەتمەندییەکی دیکەی گوتاری سیاسی بەکارهێنانی ستراتیژە سۆزدارییەکانە بۆ وروژاندنی هەستەکانی دەنگدەران. ئەم ستراتیژە لە رێگەی چیرۆککگێرانەوە، وێنە، و زمانێکی سەرنجراکێشەوە جێبەجێ دەبێت، کە پەیوەندییەکی دەرونی لەگەڵ دەنگدەران دروست دەکات. بۆ نموونە، وتارێک کە باس لە سەختەکانی کۆمەڵگە دەکات، دەتوانێت هەستەکانی دەنگدەران وروژێنێت و ئەوان بۆ دەنگدان هان بدات. ئەمەش گوتاری سیاسی کردووەتە ئامرازێکی کاریگەر بۆ کەمپینەکان (Safwat, 2015, p.699).

گوتاری سیاسی لە میدیای ئەلیکترۆنیدا بە شێوەیەکی چالاکتر بڵاو دەبێتەوە، کە تایبەتمەندییەکانی وەک خێرایی و بەربڵاوی کاریگەرییەکەی زیاتر دەکات. ماڵپەڕەکان دەرفەتی بڵاوکردنەوەی گوتارەکان بە شێوەیەکی فرەجۆر، لەوانە وتار، ڤیدیۆ، و پۆدکاست، پێشکەش دەکەن. بۆ نموونە، گوتارێک کە بە ڤیدیۆیەکی سەرنجراکێش پێشکەش دەکرێت، دەتوانێت سەرنجی دەنگدەران زیاتر بکێشێت. ئەمەش گرنگی گوتاری سیاسی لە سەردەمی دیجیتاڵدا پیشان دەدات (Kassarnig, 2016, p.8).

**سێیەم/بەکارهێنانی گوتاری سیاسی.**

گوتاری سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بە ستراتیژەکانی رازیکردنەوە بەکاردێت، کە ئامانجی قایلکردنی دەنگدەرانە بۆ پشتگیریکردن لە کاندید یان پارتێکی دیاریکراو. ئەم ستراتیژە لە رێگەی بەکارهێنانی زمانێکی لۆژیکی و بەڵگەوە جێبەجێ دەبێت، کە تێگەیشتنی دەنگدەران شێوە دەدات. بۆ نموونە، وتارێک کە بەرنامەیەکی سیاسی بە ژمارە و داتا پیشان دەدات،

sjh@univsul.edu.iq

دەتوانێت دەنگدەران قایل بکات. ئەم ستراتیژەیە گوتاری سیاسی لە ماڵپەڕە ئەلیکترۆنییەکاندا کاریگەرتر کردووە (إسماعیل و حمراني, ٢٠١٢، ص ١٢١).

توێژەران وای دەبینن لە گوتار بریتییە لە کۆمەڵێک یەکەی یەکگرتووی پێشنیازی تیۆری کە پێکهاتووە لە لۆژیک و سیستەمێکی تایبەت کە بریتییە لە توانای بوون و ئامادەبوون، سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی و بەرەوپێشبردنی بە پێی یاسایەک. بریتییە لە پێشنیازی نوێ بۆ پێکهێنانی چەمک و چەمکی سەرەکی ک سەرچاوەکەی لە بیرکردنەوەی مرۆڤەوە بەرهەم دێت بە ئامانجی پێناسەکردن و ناساندنی ئەو دیاردانەی کە لە دەوروبەری مرۆڤدان، گوتارەکان فرە جۆرن بە پێی جۆری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بۆیە دەکرێت بڵێین لەوانە گوتاری سیاسی، گوتاری ئاینی، گوتاری فەلسەفی، گوتاری کۆمەڵایەتی، وە هەموویان پێکەوە لێکچوون و بەیەکداچونیان هەیە واتە لە هەندێک رووەوە وەک یەکن و لە هەندێک رووەوە جیاوازن، بەشێوەیەکی گشتی گوتار وەکو زاراوەیەک بە گشتی ئاماژەیە بۆ سیستەمێکی بیرکردنەوەی هزری و لایەنێکی دیاریکراوی واقیعی کۆمەڵایەتییە بۆ ئەوەی لە روی مەعریفی و زانینەوە خاوەندارێتی بکرێت، دواتر لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی خۆیەوە تێگەیشتن دروست بکات (بن حصیر و رفیق، ٢٠٢٢، ص٢٤) .

دەکرێت بڵێین تەماشای گوتاری سیاسی بکەین وەک ئامرازێکی گرنگ و پڕبایەخ بۆ دروستکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سیاسی و پەیوەندییەکانیتر، هەروەها پاراستنی ئەم پەیوەندییانە، هاوکات دەکرێت لە رێگەی گوتاری سیاسییەوە گوزارشت لە هەستەکان و بەبازاڕکردنی بیرۆکەکان و بەرنامەو پلانی سیاسی لە نێو کۆمەڵدا لە لایەک و لالایەکی تریشەوە دەکرێت تەماشەی گوتاری سیاسی بکەین وەک تیۆرێک لە چوارچێوەی قسەکردندا کە زۆرجار ئەم جۆرە گوتارانە لەسەر بنەمای کرداری قسەکردن فۆرمی خۆی وەردەگرێت، کە لە رێگەی وشەی دیاریکراوەوە ئامانجی قسەکەر لە چوارچێوەیەکی لۆژیکیدا دەردەبڕێت و کاریگەری دروست دەکات (Hashim, & Safwat, 2015, p.700)

وەک دەردەکەوێت لە بەشێکی بەرچاوی گوتارە سیاسیەکان کە خاوەنی هەمان پێکهاتەو هەمان تایبەتمەندین بە بێ رەچاوکردنی ئەو بابەتەی کە دەبێتە ناوەرۆکی گوتارەکە، لە هەندێک لە گوتارەکان گوزارشت و پاساوو رستەی دوبارەو وەک ئاماژەیەک بۆ ئینتیمابوون دەردەکەوێت، یان راوبۆچونێکی سیاسی دیاریکراو، لێرەدا بەکارهێنانی ئەم شێوازە بەرزو باڵایە لە راهێنان لەسەر سیستەمێکی بەرهەمهێنانی گوتاری سیاسی نوێ و هاوچەرخ، سەرەڕای بوونی جیاوازی گەورە لەنێوان پارتە سیاسییەکان و گوتاری سیاسی و ئامانجەکانی بەرهەم هێنانی ئەم گوتارانە لە هەموو بارودۆخێکدا سیستەمی بەرهەمهێنانی گوتارەکان ئینتیمابوونی سیاسی لەبەرچاو دەگرن و رای قسەکەر دیاریکراوەو بە ئامانج گیراوە، بۆیە لێرەوە دەکرێت بڵێین بەرهەم هێنانی گوتارە ناکرێت جیاکاری لە نێوانیاندا بکەین لە رووی ناوەڕۆک و فۆرمی نوسینەوە لە یەکێکیتر بەڵام ئامانج سەرەکییەکەی بریتییە لە دروستکردنی کاریگەری لەسەر ئەو کەسەی کە بەر وتارەکە دەکەوێت (Kassarnig, 2016, p.10).

ستراتیژە سۆزدارییەکان لە گوتاری سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان بەکاردێن بۆ وروژاندنی هەستەکانی دەنگدەران. ئەم ستراتیژە لە رێگەی چیرۆکگێڕانەوە، وێنە، و ڤیدیۆی سەرنجراکێشەوە جێبەجێ دەبێت، کە پەیوەندییەکی دەرونی لەگەڵ دەنگدەران دروست دەکات. بۆ نموونە، ڤیدیۆیەکی کەمپین کە باس لە پێویستییەکانی کۆمەڵگە دەکات، دەتوانێت هەستەکانی

دەنگدەران ورووژێنێت. ئەمەش کاریگەرییەکی قووڵی لەسەر بڕیارەکانی دەنگدەران دروست دەکات (Newman, 2019, p.19).

دروستکردنی هەژموون یەکێک لە ستراتیژە گرنگەکانی گوتاری سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکانە، کە ئامانجی پێکهێنانی جیهانبینییەکی دیاریکراوە. ئەم ستراتیژە لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان و نیشانەکانەوە جێبەجێ دەبێت، کە تێگەیشتنی دەنگدەران لە پرسە سیاسییەکان شێوە دەدات. بۆ نموونە، گوتارێک کە جەخت لەسەر یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، دەتوانێت دەنگدەران بەرەو پشتگیریکردن لە پارتێک ئاراستە بکات. ئەمەش گوتاری سیاسی کردووەتە ئامرازێکی گرنگ بۆ کەمپینەکان (Pfetsch, 2004, p.344) .

بەکارهێنانی گوتاری سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان توانای کۆکردنەوەی چەندین شێوازی جیاواز لە یەک کاتدا هەیە، کە ئەمەش لە ڕێگەی کۆکردنەوەی ستراتیژە سۆزداری و استدلالییەکانەوە جێبەجێ دەبێت. بۆ نموونە، کاندیدێک دەتوانێت گوتارێک لەسەر ماڵپەڕێک بڵاو بکاتەوە کە چیرۆکگێڕانەوەیەکی سۆزدار لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی کۆدەکاتەوە لەگەڵ داتا و ژمارەکان بۆ پیشاندانی چارەسەرەکان، کە ئەمەش هەم هەستەکانی دەنگدەران ورووژاندووە و هەم بەڵگەی لۆژیکی پێشکەش کردووە. ئەم کۆکردنەوەیە دەرفەتی قایلکردنی گروپە جیاوازەکانی دەنگدەران دروست دەکات، کە هەریەکەیان بە شێوەیەکی جیاواز وەرگرتنی پەیامەکانە (Vaidhyanathan, 2018, p.93) .

گوتاری سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەتوانێت لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەکنەلۆجیای پەخشی ڕاستەوخۆ (Live Streaming)پەیوەندییەکی زیاتر چالاک و ڕاشکاو لەگەڵ دەنگدەران دروست بکات. بۆ نموونە، کاندیدەکان دەتوانن لە ڕێگەی پەخشی ڕاستەوخۆ لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک فەیسبووک یان یوتیوب گوتارە سیاسییەکانیان پێشکەش بکەن و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکانی دەنگدەران بدەنەوە، کە ئەمەش هەستێکی نزیکی و متمانە دروست دەکات. ئەم ستراتیژییە یارمەتیدەر بووە بۆ کەمکردنەوەی بەربەستەکانی پەیوەندی لە کەمپینەکاندا، چونکە دەنگدەران دەتوانن بە شێوەیەکی چالاک بەشدار بن لە گفتوگۆ(Stromer-Galley, 2019, p.89) .

لەپاڵ ئەم هەموو گۆڕانکاریانەشدا سیاسییەکان بەشێوەیەکی چڕتر لە جاران ئامرازەکانی پەیوەندیکردن و ڕاگەیاندن بەکاردەهێنن بۆ پاڵپشتیکردنی ئامانج و کەمپینە سیاسییەکانیان، ئەمە بەتەنها پراکتیزەکردنێکی باو نییە لەم کایەیەدا بەڵکو بۆتە پێویستییەکی واقعی بۆ مانەوەی سیاسییەکان لەم بوارەدا، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو دیمەنە سیاسی و جموجوڵە سیاسییەیە کە بەشێوەیەکی بەرچاو لەگۆڕەپانی ڕاگەیاندن و سیاسەتدا بەتێکەڵی بەدیدەکرێت، نمونەش بۆ ئەمە بڵاوکردنەوەی دیمەنی سیاسی و گۆڕانکاری بنەڕەتی و گەندەڵی سیاسی و پرسی مەترسیداری پەیوەست بە سیاسییەکانە کە ڕۆژانە لە ڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە پەخش و بڵاو دەکرێتەوە، لەم بوارەدا توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن و پەیوەندی سیاسی گفتوگۆکانیان چڕ کردۆتەوە لەسەر چڕکردۆتەوە لەسەر ئەوەی کۆمەڵی دیموکراسی تەندروست ڕاستەوخۆ پشتدەبەستێت بە چەندایەتی و چۆنایەتی پەیوەندییە سیاسییەکان (Iyengar, & Simon, 2000, p150).

sjh@univsul.edu.iq

لێرەشەوە دەکرێت بڵێین بەلەبەرچاو گرتنی رێکخستنی سیستمی پەیوەندی سیاسی وەک سیستەمێکی دامەزراوەیی تەماشا بکەین، بەمانای تەواوکاری هەردوو سیستەمەکەیە بەڵام بە جیاوازی ئەرکەکانەوە بە مانایەکیتر سیستەمی پەیوەندی سیاسی هەڵدەستێت بە رێکخستنی پەیوەندی لە نێوان سیاسەت و ئامرازەکانی راگەیاندن هەروەها ئەرکی بەرەوپێشچونی ئەم کایەیە بە بەکارهێنانی زمانی پەیوەندیکردنی هاوبەش کە ناکرێت داریکراوبێت بۆ یەکێک لەو سیتەمەکانی پەیوەندی سیاسی و ئامرازەکانی راگەیاندن بە تەقلیدی و هاوچەرخەوە. لەگەڵ ئەمەشدا پاراستنی ئەم پەیوەندییە رۆڵی گرنگ دەگێرێت لە هەستکردن بە پابەندبون و لایەنگیری پێکەوە کە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچونی سیستەمەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێکی دیموکراسیدا، هەندێک تێروانین و بۆچون ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە چەمکی سیستەمی پەیوەندی سیاسی بریتییە لە چەمکێکی ئەزمونی. کەواتە چەمکی سیستەمی ئەزمونی بایەخپێدانەکانی بۆ هەردوو دامەزراوەی و ئاڵوگۆرکردنی پەیوەندی سیاسی لەگەڵ ئەکتەرەکانی ئەم بوارەدا دەناسرێتەوە (Pfetsch, 2004, p.350).

مالتیمیدیا لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان رۆڵێکی گرنگ دەگێرێت لە بەهێزکردنی گوتاری سیاسی، کە پەیامەکان بە شێوەیەکی بەرچاوتر بڵاو دەکات. بۆ نموونە، ڤیدیۆیەکی سیاسی کە بە وێنە و دەنگی سەرنجڕاکێش ئامادە کراوە، دەتوانێت سەرنجی دەنگدەران زیاتر بکێشێت وەک وتارێکی نووسراو. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە بەشێکن لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان، دەرفەتی بڵاوکردنەوەی خێرای گوتارەکان پێشکەش دەکەن. ئەمەش کاریگەری گوتاری سیاسی زیاتر کردووە .(Amaghlobeli, 2017, p.21).

**٤- گوتاری سیاسی و پەیوەندی بە دەنگدەر.**

گوتاری سیاسی لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر هەڵسوکەوتی دەنگدەران هەیە، کە فاکتەرە دەرونییەکان، وەک هەستەکان، رۆڵی سەرەکی تێدا دەگێرن. گوتارەکان زۆرجار بە شێوەیەکی سۆزدار ئامادە دەکرێن بۆ وروژاندنی هەستەکانی دەنگدەران. بۆ نموونە، وتارێک کە باس لە سەختەکانی کۆمەڵگە دەکات، دەتوانێت هەستەکانی دەنگدەران وروژێنێت و ئەوان بۆ دەنگدان هان بدات. ئەم کاریگەرییە دەرونییە بڕیارەکانی دەنگدەران ئاراستە دەکات .(Wodak, 2009, p.31)

فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان، وەک تەمەن و جەندەر، کاریگەری لەسەر وەرگرتنی گوتاری سیاسی لە پێگە ئەلیکترۆنییەکان دەکەن. گەنجان، کە زۆرتر تەکنەلۆجیا بەکاردەهێنن، زیاتر کەوتوونەتە ژێر کاریگەری پەیامە ئەلیکترۆنییەکان وەک لە پێگەیشتووان. بۆ نموونە، ڤیدیۆیەکی سیاسی کە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو کراوە، زیاتر سەرنجی گەنجان رادەکێشێت. ئەمەش جیاوازییەکانی وەرگرتنی گوتارەکان لە نێو گروپە جیاوازەکاندا پیشان دەدات (Safwat, .2015, p.699)

گوتاری سیاسی لە ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی توانای دروستکردنی هەژموونی کۆمەڵایەتی لە نێو دەنگدەراندا هەیە، کە لە ڕێگەی بەکارهێنانی پەیامە سیاسییەکان بە شێوەیەکی ستراتیژی و پلاندار جێبەجێ دەبێت. بۆ نموونە، گوتارێک کە لەسەر ماڵپەڕێک بڵاو دەکرێتەوە و جەخت لەسەر کێشەیەکی وەک یەکسانی جەندەری یان پاراستنی ژینگە دەکاتەوە، دەتوانێت

تێگەیشتنی دەنگدەران لە گرنگی ئەو پرسانە بەرز بکاتەوە و بریارەکانیان لە دەنگدان ئاراستە بکات. ئەم ستراتیژییە یارمەتیدەر بووە بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی سیاسی زیاتر چالاک، کە دەنگدەران بە شێوەیەکی ئاگایانەتر بەشداری دەکەن (Karpf, 2016, p.89).

ئەو کارلێکییەی کە گوتاری سیاسی لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنیدا دروست دەکات، بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی لە نێو دەنگدەران، بە تایبەتی لە گروپە کەمتر چالاکەکان وەک گەنجان و ژنان. بۆ نموونە، دەنگدەران دەتوانن لە رێگەی بەشەکانی کۆمێنت لەسەر ماڵپەرەکان یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە کاردانەوەی خۆیان بەرامبەر گوتارە سیاسییەکان دەرببڕن، کە ئەمەش دەرفەتی گفتوگۆی چالاک دروست دەکات و هۆشیارییان لەسەر پرسە سیاسییەکان بەرز دەکاتەوە. ئەم کارلێکییە نەک تەنها تێگەیشتنی دەنگدەران لە کەمپینەکان زیاد دەکات، بەڵکو هاندەری بەشدارییەکی زیاتر لە پرۆسەی هەڵبژاردن دەبێت.(Dahlgren, 2013, p67)

## تەوەری سێیەم/ پراکتیکنامەی توێژینەوەکە

لەم تەوەرەدا ئەنجامی چاوپێکەوتنی زانستی خراوەتەروو کەلەگەڵ بەرپرسی بەشی هەڵبژاردنی (٦)* پارتی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ئەنجام دراوە، هەوڵدراوە بەشێوەیەکی زانستی وەڵامەکان شیبکردنەوە و راڤەکردنیان بۆ بکرێت.

**تەوەری یەکەم**/بریتییە لە وەڵامی پرسیاری یەکەم: (حزبە سیاسییەکان پشت بە چ پیوەرێک دەبەستن بۆ هەڵبژاردنی ئامرازەکانی راگەیاندن بۆ گەیاندنی پەیام و گوتارەکانیان لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بەجەماوەر و دەنگدەران؟): **جەلال قادر گەیلانی،** ئێمە کار لەسەر کۆمەڵێک پێوەرو بنەما دەکەین بۆ هەڵبژاردنی ئامرازەکانی راگەیاندن، ئەوەش تەمەن و ناوچەی جوگرافی و شێوازی ژیانی دەنگدەران پێوەری سەرەکین بۆ هەڵبژاردنی ئامرازەکە. **بریار بەرزان،** پێوەری پشتبەستن بە ئامرازەکانی راگەیاندن دابەشبووە بەسەر دوو بەشی سەرەکی، ئەوانیش راگەیاندنی تەقلیدییە لەگەڵ رۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیا، کە لە هەردوو بەشەکەوە پەیامەکان ئاراستە دەکرێت. **صباح باپیری**، ئێستا سۆشیال میدیاو پێشکەتنی تەکنەلۆجی نوێترینە

---

* زانیاری سامپڵی توێژینەوەکە:

١. جەلال قادر گەیلانی، بەرپرسی بەشی هەڵبژاردن لە مەکتەبی رێکخستنی سلێمانی هەڵەبجە، راپەرین پارتی دیموکراتی کوردستان.

٢. بریار بەرزان عەبدوڵا، لێپرسراوی هەڵمەتی هەڵبژاردن لە مەکتەبی هەڵبژاردنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

٣. سەباح باپیری، بەرپرسی مەکتەبی کاروباری هەڵبژاردنی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان.

٤. بێستون حەمەساڵح، بەرپرسی مەکتەبی هەڵبژاردنی کۆمەڵی دادگەری.

٥. پ.د. رێبوار کەریم مەحمود سەرپەرشتیاری بەشی هەڵبژاردنی رەوتی هەڵوێست.

٦. فێنک ئەحمەد قادر. لێپرسراوی هەڵبژاردنی بەرەی گەل.

sjh@univsul.edu.iq

و زۆر بەرچاوە بەڵام تەلەفزیۆن گرنگی و قورسای خۆی ماوە، ئێمە ئەو پەیام و چاوپێکەوتن و وتارانەی لە تەلەفزیۆن بڵاودەکرێنەوە جارێکیتر لە سۆشیال میدیا بڵاودەکرێتەوە. **بێستون حەمەساڵح**، پارتی سیاسی کاتێک بەشداری هەڵبژاردن دەکات دەبێت پشت بە هەموو رێگەو ئامرازەکان ببەستێت، راستە ئێستا بەهۆی مۆبایلەوە میدیای ئەلیکترۆنی کاریگەری تەلەفزیۆنی کەمکردۆتەوە بەڵام دەبێت زۆر گرنگی بە هەموو ئامرازەکانی پێبدرێت لەپێناو گەیاندنی پەیامەکانی بە دەنگدەران. **پ.د.رێبوار کەریم**، ئەو بابەتەی ئێمە پشتی پێدەبەستین بۆ بانگەشەی هەڵبژاردن بریتییە لەو رێگایەی زۆرترین دەنگدانەوەی جەماوەری هەیە، گرنگترینیان سۆشیال میدیا و رۆژنامەی ئەلیکترۆنی و سەردانی ماڵبەماڵە، **فێنک ئەحمەد**، پێموانییە هیچ حزب و لایەنێک میکانیزمێکی دیاریکرایو هەبێت بۆ هەڵبژاردنی شێواز و ئامرازی کارکردنی، ئەوەی کە دەکرێت لە هەڵبژاردنەکان زۆرینەی کار و کاردانەوەیەو وەڵامدانەوەیە.

**تەوەری دووەم**/بریتییە لە وەڵآمی پرسیاری دووەم: (تا چەند باوەڕتان وایە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی جۆری جەماوەرەکەی جیاوازە کە پەیامی ئاراستە دەکەن؟ (مەبەست لە جۆری جەماوەر: تەمەن و رەگەز و ئاستی خوێنەواری) بە چ شێوازێک جەماوەرەکە دیاری دەکرێت و تا چەند کار لەسەر ئەوە کراوە بە دیاریکردنی تەمەن و شوێن پەیامەکان ئاراستە بکرێت؟):
**جەلال قادر گەیلانی**، بەدڵنیاییەوە باوەڕی تەواومان بەوە هەیە کە وەرگری رۆژنامەی ئەلیکترۆنی جیاوازە لە رووی تەمەن و ئاستی خوێندەوارییەوە لەگەڵ میدای تەقلیدی، بۆیە لە گەیاندنی پەیامەکانمان رەچاوی ئەو جیاوازییە دەکەین و جەماوەرێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرین و پەیامەکەی ئاراستە دەکەین. بەڵی ئاستی داهات و تەمەن و خوێنەواری و جوگرافی و شێوازی ژیان زۆر جیاوازی لە وەرگرەکان دروست دەکەن. **بریار بەرزان**، جیاوازییەکی هەیە لەنێوان جەماوەر و بەکارهێنی میدیای تەقلیدی و رۆژنامەی ئەلیکترۆنی، ئەم جەماوەرەش لەسەر بنەمای تەمەن و چین و توێژەکانی کۆمەڵگا گرانن، ئێمە وەک یەکێتی جیاوازیمان کردووە لە پەیامەکان بۆ جەماوەرە جیاوازەکان. **صەباح باپیری**، بابەتەکە بەشێوەیەکی گشتی رێژەییە، بەڵام ئەوەش راستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە گەنجان کەمتر بینەری میدیای تەقلیدین و ئەوە زیاتر بۆ نەوەکانی پێشووە، جگە لەوەش ئاستی خوێندەواری و کرانەوەیان بەرامبەر پێشکەوتنی تەکنەلۆجی جاوازییەکە زیاتر دروست دەکات لەنێوانیان جۆرەکانی جەماوەر.
**بێستون حەمەساڵح**، رۆژنامەی ئەلیکترۆنی کە خۆی لە سۆشیالمیدیا ببینێتەوە گرنگییەکی زۆری هەیە کە دەبێتە هۆکارێکی باش کە پەیامەکانت ئاراستەی توێژێکی دیاریکراو بکەی، وەک هەر چین و توێژێک هەبێ لە کۆمەڵگا، لەوەش گرنگتر ناوچەیەکی جوگرافی دیاریکراوە کە گەرەکێک، شارێک یان ناوچەیەک بێت و ئەمەش وادەکات زۆر بە ئاسانی و وادەژات هێزی سیاسی پەیامێکی تایبەت بۆ ئەو شوێنانە بنێرێت کە دەنگ و جەماوەری زۆری هەیەو هەروەها پەیامێکی جیاواز بۆ ناوچەکانیتر بە پێی پۆلێنکردنی جەماوەرەکە و ئاراستەکردنی پەیامی جیاواز. **پ.د.رێبوار کەریم**، بەوپێیەی تا ئێستا میکانیزمێکی دیاریکراو نییە بۆ زانینی تەمەن و تایبەتمەندی وەرگرەکانی رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، بۆیە بەشێوەیەکی گشتگیر بابەتەکان دەخەینە بەردەم خەڵک و پۆلێنکاری ناکەین. **فێنک ئەحمەد**، رۆژنامەی ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیا کاریگەری زۆرترە بە بەراورد بە میدیا تەقلیدییەکان و ئێستا زۆرینەی خەڵک لە رێگەی مۆبایلەکانیانەوە سەیری راگەیاندن دەکەن و بینەرن، دەشکرێت لەم رێگەیەوە ئیش لەسەر چین و توێژێکی دیاریکراو بکرێت.

sjh@univsul.edu.iq

**تەوەری سێیەم/** بریتییە لە وەڵامی پرسیاری سێیەم: (تا چەند کار لەسەر ئەوە کراوە پەیامەکانی کە لە ڕێگەی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ئاراستە دەکرێت جیاوازبێت لەو پەیامانەی لە میدیا تەقلیدییەکانەوە ئاراستە دەکرێت؟): **جەلال قادر گەیلانی،** کارمان لەسەر جیاوازی ناوەرۆکی پەیامەکان کردووە، لە جۆر و لە کات و ماوەی پەیامەکەو ئەو جەماوەرەشی بۆی ئاراستە دەکەین، بۆ هەموو ئەمانە خەڵکی پسپۆڕو شارەزامان هەیە و پەیام و ناوەرۆکی جیاواز بەکار دەهێنن. **بریار بەرزان،** بەڵێ جیاوازی کراوە لە پەیامەکان چونکە پەیامی ڕۆژنامەگەری ئەلیکترۆنی کورتتر و پوختترە و بە گرنگییەوە ئاراستەی چین و توێژێکی دیاریکراو کراوە. **صباح بابیری،** بەڵێ بێگومان بیر لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە پەیامی جیاواز هەبێت و لەشێوەی پەیامی کورت و ڤیدیۆی کورت پەیامی سیاسی لەپێناو بەدەستهێنانی دەنگی دەنگدەران بڵاوکراوەتەوەو هەروەها ئەو بابەتانەشی لە تەلەفزیۆن بڵاوکراونەتەوە جارێکیتر لە سۆشیال میدیا بڵاودەکرێنەوە. **بێستون حەمەساڵح،** بەدڵنیاییەوە پێویستە ئەو پەیامانەی لە ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیا بڵاودەکرێتەوە دەبێت جیاوازبێت لە پەیامی میدیا تەقلیدییەکان، چونکە وەرگرەکانیان جیاوازە، ئێمە پێمان وایە بینەری تەلەفزیۆنەکان کەسە بەتەمەنەکانن و لە بەرامبەردا گەنجان بەکارهێنەری مۆبایلی زیرەک و ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیان. هەروەها خەڵکانێکی نوخبە سەیری تەلەفزیۆن دەکەن بۆیە دەبێت پەیام و ناوەرۆکەکان جیاوازبن و ناتوانین ئەوە فەرامۆش بکەین چونکە لە کاتێکی زۆر کەمدا پەیامەکە دەتوانی بگەیەنیت بەو کەس و توێژەی کە دەتەوێت. **پ.د. ڕێبوار کەریم،** ڕەوتی هەڵوێست میدیایی تەقلیدی نییە، بۆیە ئەو پەیامانەی هەمانە تەنها لە ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و سۆشیال میدیاوە دەگەیەنین و دەزگای ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆمان نییە. **فینک ئەحمەد،** ئەوەی لە سۆشیام میدیا دەچێت بەڕێوە بێسەرەوبەرەیەو میکانیزمێکی باش نییە کە وەک میدیا هاوتەرین بێت، بۆیە جیاوازی گوتاری سۆشیال میدیا هەیە بە بەراورد بە میدیای تەقلیدی چونکە ئەقڵی ئەو کەسانەشی بەڕێوەی دەبەن جیاوازە.

**تەوەری چوارەم/** بریتییە لە وەڵامی پرسیاری چوارەم: (جۆری بەرهەمهێنانی جیاواز هەبووە بۆ ڕۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و چ جۆرێک زۆرترین گرنگی پێدراوە لە شێوازەکانی (ڤیدیۆ، وێنە، گرافیک، دەقی نوسراو)؟): **جەلال قادر گەیلانی،** ڤیدیۆو وێنەو گرافیک بە شێوەی زنجیرەی و بە پێی پلانێک بڵآو دەکرێنەوەو پاش ئەوانیتر دەقی نوسراو پشتی پێبەستراوە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان. **بریار بەرزان،** جیاوازی کراوە لە ناوەڕۆکە میدیاییەکان و زۆرترین گرنگی دراوە بە گرافیک لەگەڵ ڤیدیۆی کورت؛ **صباح بابیری،** بەڵێ بێگومان جیاوازن و هەریەکەیان بەجۆرێک کاریگەری و توانای خۆی هەیە، ئێمە پێمانوایە وەرگر کاتێکی زۆر بەسەرنابات بۆ خوێندنەوە بۆیە ناونیشانی سەرنج ڕاکێش و ڤیدیۆ کاریگەری گەورەی هەیە لەسەر ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر لەوەی ناوەرۆکێکی نوسینی درێژبێت. بۆیە بە پلەی یەکەم ڤیدیۆ و پاشان گرافیکە بەڵآم هەردوو جۆرەکە پەیوەستن بە کورت و پوختی ناونیشانەکەیەوە. **بێستون حەمەساڵح،** ئەو ناوەڕۆکە میدیاییانەی هێزی سیاسی بەرهەمی دەهێنێت بۆ ڕاکێشانی هەستی دەنگدەر و بەدەستهێنانی متمانەیان دەبێت جیاوازبن، پێویستیشە بەجۆرێکبن کە زۆرترین کەس گرنگی پێبدات، بۆیە ڤیدیۆی کورت و نوسینی کورت گنگترین و باشترینن بۆ میدیای ئەلیکترۆنی، لەئێستادا کەس ئامادەنییە چەند دەقەیەک کات تەرخان بکات بۆ ئەوەی لە پەیامێک تێبگات و پێویستە ناوەرۆکەکان زۆر ئامانجدارو مەبەستدار و کورتبن و پەیامەکە هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو پلانەی هەیە کە هێزەکە دەیەوێت ئاراستەی چ توێژێک بکات. **پ.د. ڕێبوار کەریم،** گرنگییەکی زیاتر دەدەین بە ڤیدیۆی کورت بەوپێیەی باشترین کاریگەری دروست دەکات و پاشان گرافیک چونکە هەندێک

جار گرافیکێک بەقەدەر وتارێکی دوو هەزار وشەی کاریگەری هەیە. **فێنک ئەحمەد،** بەرهەمهێنانی ڤیدیۆو گرافیک کاری زیاتری لەسەر کراوەو زیاتر کاریگەری دروست دەکات و پەیامەکە رونتر دەگەیەنێت و رێگەیەکی سەرکەوتووە.

**تەوەری پێنجەم/** بریتییە لە وەڵامی پرسیاری پێنجەم: (چ ژانرێکی میدیای زۆرترین گرنگی پێدراوە کە لە رێگەی رۆژنامە ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگەیەندرێتە وەرگر وەک ژانرەکانی (گوتاری ڤیدیۆی، گوتاری نوسراو، چاوپێکەوتن، کۆنگرەی رۆژنامەوانی، دیبەیت، هەواڵ)؟ بۆچی؟): **جەلال قادر گەیلانی،** بەو واقیعەی ئێمەو دەنگدەری هەرێمی کوردستانی تێدایەو ژمارەیەکی زۆر ئامرازی راگەیاندن هەیەو ئەمەش لۆد و پەستانی لەسەر سایکۆلۆجیای و کاتی دەنگدەر هەیە، بۆیە ئێمە ناوەرۆکی ڤیدیۆی کورتمان بە باشترین زانیوەو بەپێی ئەو دەرەنجامانەی دەستمان کەوتووە زۆرترین بینەر لەو رێگەیەوە بووە. **بریار بەرزان،** گرنگیمان داوە بە هەموو ژانرەکان، بەڵام ئەوەی لە رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان و سۆشیال میدیا بڵاوکراوەتەوە کورتەیەک بووە لە هەریەکێک لەوانە کە پێشتریش لە میدیا تەقلیدییەکان بڵاوکراونەتەوە لە چوارچێوەی هەر ژانرێکیتردا بووبێت، واتە لە رێگەی ڤیدیۆ و گرافیکەوە جارێکیتر بڵاوکراوەتەوە ناوەرۆکێکی لێدروستکراوە بۆ سۆشیال میدیا. **صەباح باپیری،** لە ژارنرە میدیاییەکاندا گوتاری ڤیدیۆی و چاوپێکەوتن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ کە راستییەکی لە پشتەوەبێت تا وابکات جەماوەر و دەنگدەر باوەڕ بکەن و دەنگیان بەدەستبهێنێت گرنگترین ژانرەکانن. **بێستون حەمەساڵح،** ئەوەی ئێمە لە کۆمەڵی دادگەری زۆرترین گرنگیمەمان پێداوە ڤیدیییە لەگەڵ بڵاوکردنەوەی هەواڵ لە رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان، ڤیدیۆکە کورت و مانادار و ئامانجدارەو زوتر دەگاتە لای وەرگر، هەروەها سەردێرێکی سەرنجراکێش بۆ هەوالێکی مەبەستدار ک ەلە کاتی بانگەشەکاندا بڵاودەکرێتەوە گرنگی زۆری هەیە بە بەراورد بە ژانرەکانیتر، دوای ئەو دوو شێوازەش کۆنگرەی رۆژنامەوانی سێیەمین باشترین و کاریگەرترین ژانرە. **پ.د.رێبوار کەریم،** راپۆرتی ڤیدیۆی و کۆنگرەیی رۆژنامەوانی زۆر گرنگەو رۆڵ و کاریگەری زۆری هەیە، پێمانوایە ئەو شێوازانە دەگەنە زۆرترین بینەر. **فێنک ئەحمەد،** گوتاری سیاسی گرنگترین جۆر بووە بۆ ئێمە کە گرنگیمان پێداوە و هۆکار بۆ ئەمەش ئەوەیە کە تاکی کورد کەمتر دەخوێنێتەوەو بەدواداچوون دەکاتم، بۆیە لە رێگەی ڤیدیۆوە راستەوخۆ پەیامەکانیان بۆدەنێرین.

**تەوەری شەشەم/** بریتییە لە وەڵامی پرسیاری شەشەم: (وەک چۆن لە میدیا تەقلیدییەکانی وەک رۆژنامە و تەلەفزیۆن کاتی زێرین هەیە، لە رۆژنامە پەرەی یەکەم و مانشێتی سەرەکی هەیە، لەسەر چ بنەمایەک کاتی زێرینی بڵاوکردنەوەی بابەتەکان لە رۆژنامە ئەلیکترۆنی و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دیاری دەکرێت؟"): **جەلال قادر گەیلانی،** بەدڵنیاییەوە کاتی زێرین جیاوازەو زۆر رەچاوی ئەو خاڵەمان کردووە بۆ بڵاوکراوەی پەیامەکانمان، بۆیە پێمانوایە بەکارهێنەرانی رۆژنامەی ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیا ئەوانەن کە خوێندەوارن و کارییان هەیەو کاتی زێرینیان بریتییە لە شەوان کە زۆرترینیان لەسەر کار رۆشتونەتەوەو پشوو دەدەن. **بریار بەرزان،** بێگومان کاتی زێرینی خۆی هەیە، لە کۆمەڵگای ئێمەش حساب بۆ سەرجەم چین و توێژەکان کراوە کە کارمەندان و هاوڵاتیانی کاسب رۆشتونەتەوە ماڵەوەو کاتیان هەیە سۆشیال میدیا بەکار بهێنن، بەڵێ زۆر گرنگیمان بە کاتی زێرینداوە بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکان. **صەباح باپیری،** گومانی تێدانییە کە وەک هەموو شێوازەکانیتر کاتی زێرینی هەیە، وردبوونەوەو پلاندانان لەسەر بنەمای کات زۆر گرنگە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکان بەتایبەت بۆ

بڵآقکراوەی بابەت لە سۆشیال میدیا، بۆ نمونە ئەگەر بۆ گەنجەکانی ئاراستە بکەیت و مەبەستت بێت بەوان بگات ئەوا دەبێت کاتێکی درەنگتر بڵآوی بکەیتەوەلەوەی پەیامەکە ئەگەر بۆ کەسە بەتەمەنەکان و خانەنشینەکان بێت، چونکە ئەوان زوتر ماندوو دەبن بەڵآم گەنجەکان بەرۆژ و ئێواران سەرقاڵن و شەوان درەنگ دەرۆنە سەر هێڵەکانی ئینتەرنێت. **بێستون حەمەساڵح،** رۆژنامەی ئەلیکترۆنی لە سۆشیال میدیا دەبێت ئەو کاتانە هەڵبژێرین ە زۆرترین کەس لەو کاتانە لەسەر هێڵی ئینتەرنێتبن، بۆیە کاتی خەو کاتی پشووەژانی نیوەڕۆ کاتێکی گونجاونین و دەبێت زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ کاتی بڵآوکردنەوەی پەیامەکان بکرێت. یاخود ئەو کاتەی خەڵک لەسەرکارە کەمتر دەڕواتە سەر هێڵی ئینتەرنێت. بۆیە بەدڵنیاییەوە کاتی زێڕین لە میدیای ئەلیکترۆنی گرنگ و کاریگەرە هەر وەک ئەوەی بۆ هەموو میدیا تەقلیدییەکان هەیە. **پ.د. رێبوار کەریم،** کاتی زێڕین لە ئەزمونەوە فێربووین و کاتەی زێڕینمان حساب کردووەو کەمتر چاومان لەسەر کاتە ئاساییەکانە، کاتی زێڕینیش لای ئێمە ئەوەیە کە زۆرترین کەس سۆشیال میدیا بەکار دەهێنێت. **فێنک ئەحمەد،** بڕوام وایە کاتی زێڕین نییە لە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیا، هەر کاتێک زوو بە شێوەیەکی راستگۆیانە بڵآو بکرێتەوە ئەوە کاتی ئاڵتونییە بۆ ئەو رۆژنامە ئەلیکترۆنییە.

**تەوەری حەوتەم/** بریتییە لە وەڵامی پرسیاری حەوتەم: (کاندید و پاڵێوراوانی لیستەکان، داوایان دەکرد لە پێگەو پەڕە ئەلیکترۆنییەکان گرنگیان پێبدرێت یاخود لە میدیا تەقلیدییەکان؟ بۆ ؟ وەک سەرپەرشتیاری لیستەکان پێوەرتان هەبوو بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامی سەرجەم کاندیدەکان لە سەرجەم ئامرازەکانی راگەیاندن.): **جەلال قادر گەیلانی،** کاندیدەکان داوایان دەکرد لە رۆژنامە ئەلیکترۆنییەکان زیاتر گرنگیان پێبدرێت بەوپێیەی تێگەشتوون و ئاگادارن کە کاریگەری رۆژنامەی ئەلیکترۆنی زیاترەو ئەگەر ببینین سەرجەمیشیان چالاکییەکانی خۆیان لەو رێگەیەوە بڵآودەکردەوە. بەوپێیەی ئێمە وەک پارتی بڕیارەکانمان لە ناوەندەوە دەرەچێت و ئێمە پەیامەکانمان جیاوازە و پەیامی کاندیدەکانیش دەبێت لەچوارچێوەی ستاتیج و سیاسەتی حزبمان هەبێت و دەرفەتی یەکسان هەبووە بۆ هەموان کە سود لە میدیاکان ببینن. **بڕیار بەرزان،** کاندید هەموو هەوڵێک دەدات زیاتر دەربکەوێت بۆ ئەوەی زیاترە بناسرێت لەهەر ئامرازێکی میدییەوەبێت، بەڵام بەشێوەیەکی بەرنامە بۆدارێژراو بە پێی پلانێک لە پەترە گشتییەکانەوە پەیامی سەرجەمیان بڵاوکراوەتەوە، کە هاوکات لە میدیا تەقلیدییەکانیشەوە ئەو مافە دراوە بە هەموو کاندیدەکان، بەڵآم بەڵێ زۆرێک لە کاندیدەکان گرنگیان بە رۆژنامەی ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیا زیاتر داوە کە کاری لەسەر بکەن و سپۆنسەری زیاتری تێدا بکەن. **صەباح باپیری،** کاندیدەکان بەگشتی سروشتیان وایە کە دەیانەوێت لەوکاتەدا لە هەموو شوێنێکەوە دەربکەون و قسە بکەن و باسی بەرنامەکانی خۆیان بکەن و لە سۆشیال میدیاکانیشییان چالاکییەکانیان بڵآودەکەنەوە، بەڵام کاندیدەکان پێیان خۆشبوو پەیامیان لە تەلەفزیۆنەوە هەببێت و باشتربوو بەلایانەوە راستەوخۆ نەبێت تۆماری بکەن، پشانیش لەو چاوپێکەوتن و پەیامە ڤیدیۆیانە چەند پارچەیەک لە سۆشیال میدیا بڵاوبکەنەوە. **بێستون حەمەساڵح،** هێزی سیاسی کاتێک بەشداری لە هەڵبژاردنێک دەکات، دەبێت پلانی ئەوەی هەبێت کە هەموویان بە ئاراستەیەکی هاوبەش و پێکەوەی کاربکەن و دەربکەون، هەندێک لە کاندید دێن تایبەتمەندێتی دەدەن و داوا دەکەن لە کوێ دەربکەون، بەڵام زۆرینەی کاندید مەبەستیانە لە هەموو ئامرازەکانەوە دەربکەون، بۆیە کاندیدەکان دەیانەوێت لە هەر رێگەیەکەوەبێت دەربکەون و پەیام بگەیەنن ئەگەر بۆ یەک کەسیش بووە، راستە سۆشیال میدیا و رۆژنامەی ئەلیکترۆنی زیاتر، بەڵآم کاندید مەبەستییەتی لەسەرجەم ئامرازەکانەوە دەربکەوێت چونکە تا ئێستا تەلەفزیۆنەکان وەک کاریگەرترین سەیر دەکرێن و چونکە ئەو کەسەشی سۆشیال میدیا بەکار بهێنێت هەر گرنگی بە تەلەفزیۆن دەدات و ئاستی متمانەی تەلەفزیۆن بەرزترە. **پ.د. رێبوار کەریم،** بەڵێ کاندیدەکان داوایان

sjh@univsul.edu.iq

دەکرد زیاتر لە میدیای ئەلیکترۆنی و سۆشیال میدیا گرنگیان پێبدرێت، بۆ ئەمەش سپۆنسەری ناوچەکانمان دەکرد کە کاندیدەکان تایبەتبوون بەو ناوچانە، لەگەڵ گرنگیدان بە سەرۆک لیستەکان. **فێنک ئەحمەد**، کاندیدەکان هەموویان خواستیان زۆرە لە هەموو میدیاکانەوە دەربکەون و گرنگی بەوە دەدەن کە لە تەلەفزیۆنەوە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ بکرێت و پاشان لە سۆشیال میدیا بڵاوبکرێتەوە.

**- دەرەنجامەکان و راسپاردەکان و پێشنیارەکان –**

**- یەکەم/دەرەنجامەکان.**

١. پارتە سیاسییەکان پشت بە رۆژنامە ئەلیکترۆنیەکان دەبەستن بۆ بڵاوکردنەوەی گوتارەکانیان لەسەر کۆمەڵێک پێوەرو بنەما وەک، (تەمەن و ناوچەی جوگرافی و شێوازی ژیانی دەنگدەران)،

٢. ناوەرۆکی ڤیدیۆیی کورت و گرافیک و راپۆرتی ڤیدیۆی و کۆنگرەیی رۆژنامەوانی و گوتاری سیاسی گرنگترین ئەو جۆرانەی ناوەرۆکی میدیایی بوون کەلەلایەن پارتە سیاسییەکانەوە گرنگیان پێداوە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن.

**- دووەم/پێشنیارەکان.**

١. ئەم توێژینەوەیە پێشنیار دەکات کەتوێژەرانی میدیا و سیاسەت لەداهاتودا لەسەر رەهەندە جیاوازەکانی گوتاری سیاسی لەمیدیای نویدا کاربکەن.

٢. ئەم توێژینەوەیە پێشنیار دەکات کەپارت و قەوارە سیاسییەکان زیاتر گرنگی بدەن بە گوتارەکانیان بەگشتی و هەڵبژاردنی باشترین و کاریگەرترین ئامراز بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان بە دەنگدەران.

**- سێیەم/راسپاردەکان.**

١. تویژینەوە پارتە سیاسییەکان رادەسپێرێت بۆ مامەڵەی زانستی و بابەتی و لۆژیکیانە لەگەڵ بابەتی گوتار و شێوازی ناردنی پەیام بۆ دەنگدەر لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردندا.

٢. پێویستە دامەزراوە پەیوەندیدارەکان بە هەڵبژاردن بەتایبەت کۆمسیۆنی هەڵبژاردن کار لەسەر مامەڵەی پارت و کاندیدان بکات لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن سەبارەت بەگوتاری سیاسی و ئامرازە بەکارهاتوەکانەوە.

sjh@univsul.edu.iq

## سەرچاوەکان

**یەکەم/سەرچاوە کوردییەکان.**

1. قادر، کاروان عەلی (٢٠٢٠)، (کاریگەری سۆشیال میدیا لەسەر رەفتاری دەنگدەرانی هەرێمی کوردستان لە هەڵبژاردنە گشتییەکاندا/خوێندکارانی زانکۆ بە نمونە)، (راپەرین: زانکۆی راپەرین، گۆڤاری زانکۆی راپەرین).

**دووەم/سەرچاوە عەرەبییەکان.**

1 . **بن حصير, رفيق** (2022)، (الأمازيغية في الخطاب السياسي)، (Doctoral dissertation, UB1) .

2 . شرقي، إسماعيل وآمنة، حمراني (2021)، (دور الاعلام الجديد في تشكيل الوعي السياسي في الوطن العربي–دراسة وصفية)، (مجلة المقدمة للدراسات الانسانية و الاجتماعية, 6(1), ص ص121-134).

3 . نجاه، صابر حسن جاد أحمد (2022). (الخطاب السياسي وأثره على المشاركة المجتمعية)، (المجلة العلمية لكلية الآداب، جامعة أسيوط، 27(83), ص ص251-274).

**سێیەم/سەرچاوە ئینگلیزییەکان.**

1. Amaghlobeli, N. (2017), (Political discourse in the media), (Journal of Media Studies, 5(1), pp. 1-15).
2. Chilton, P. (2004), (Analysing political discourse: Theory and practice). (London: Routledge).
3. Dahlgren, P. (2013), (The political web: Media, participation and alternative democracy), (Palgrave Macmillan).
4. Hashim, S. S. M., & Safwat, S. (2015), (Speech acts in political speeches), (Journal of Modern Education Revie), 5(7), pp: 699-706).
5. Hindman, M. (2018), (The internet trap: How the digital economy builds monopolies and undermines democracy). (Princeton: Princeton University Press).
6. Kassarnig, V. (2016), (Political Speech Generation). (arXiv preprint arXiv:1601.03313).
7. Karpf, D. (2016), (Analytic activism: Digital listening and the new political strategy), (Oxford: Oxford University Press).
8. Kassarnig, V. (2016), (Political speech generation). (arXivpreprint arXiv:1601.03313. Available at: https://arxiv.org/abs/1601.03313 [Accessed 24 April 2025].

9. Iyengar, S. & Simon, A. F. (2000), (New perspectives and evidence on political communication and campaign effects), (Annual review of psychology, 51(1), pp:149-169).

10. Newman, N. (2019), (Journalism, media, and technology trends and predictions 2019), (Oxford: Reuters Institute for the Study of Journalism).

11. Papacharissi, Z. (2015), (Affective publics: Sentiment, technology, and politics), (Oxford: Oxford University Press).

12. Pfetsch, B. (2004), (From political culture to political communication culture: A theoretical approach to comparative analysis), (European Journal of Communication, 19(3), pp:344-366).

13. Safwat, S. (2015), (Speech acts in political speeches), (Journal of Modern Education Review, 5(7), pp: 699-706).

14. Stromer-Galley, J. (2019), (Presidential campaigning in the internet age), (2nd ed. Oxford: Oxford University Press).

15. Vaidhyanathan, S. (2018), (Antisocial media: How Facebook disconnects us and undermines democracy), (Oxford: Oxford University Press).

16. Van Dijk, T. A. (1997), (What is Political Discourse Analysis), (Belgian Journal of Linguistics, 11(1), pp: 11-52).

17. Wodak, R. (2009), (The discourse of politics in action: Politics as usual), (Basingstoke: Palgrave Macmillan).




SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

## اعتماد الأحزاب السياسية على الخطاب السياسي للصحف الإلكترونية خلال الحملات الانتخابية في إقليم كردستان

**ملخص**

تهدف هذه الدراسة إلى معرفة اعتماد الأحزاب السياسية على الخطاب السياسي للصحف الإلكترونية خلال الحملات الانتخابية في إقليم كردستان، هذه الدراسة من نوع الدراسات الوصفية باستخدام منهج المسح الميداني لعينة من مسؤلي مكتب الانتخابات للأحزاب السياسية في اقليم كوردستان عن طريق أداة المقابلة العلمية من اجل الوصول الى نتائج علمية تتعلق بتساؤلات الدراسة. وتوصلت الدراسة الى مجموعة من الاستنتاجات من بينها: اعتمد الأحزاب السياسية على الصحف الإلكترونية لنشر خطاباتها بناءً على معايير عدة، منها العمر، والمنطقة الجغرافية، ونمط حياة الناخبين. و كان محتوى الفيديو القصير، والرسومات، والتقارير المصورة، والمؤتمرات الصحفية، والخطاب السياسي، من أهم أنواع المحتوى الإعلامي الذي اهتمت به الأحزاب السياسية خلال الحملة الانتخابية.

## Accreditation Political Parties on the Political Discourse of Electronic Journalosm during Election Campaigns in the Kurdistan Region

**Abstract**

This study aims to understand Accreditation political parties on the political discourse of online newspapers during election campaigns in the Kurdistan Region. This descriptive study utilizes a field survey methodology for a sample of election office officials from political parties in the Kurdistan Region. The study utilizes a scientific interview tool to arrive at scientific findings related to the study's questions. The study reached a number of conclusions, including: Political parties relied on online newspapers to disseminate their discourse based on several criteria, including age, geographic region, and lifestyle of voters. Short video content, graphics, video reports, press conferences, and political discourse were among the most important types of media content that political parties focused on during the election campaign.

sjh@univsul.edu.iq